# رۆڵ و هەڵوێستی حیزبی شیوعی عێراق لەرێکەوتنامەی 11ی ئاداری 1970

**رەفیق رحمان مام خول [1]  پ..د. اسماعیل محمد حصاف [2]**

[1,2] بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان

**پوختە**

حیزبی شیوعی عێراق یەکێکە لەو ڕێکخستنە سیاسیی و جەماوەرییانەی لە سەرەتاکانی دامەزراندنییەوە رۆڵێکی دیاروکاریگەری لە روداوو گۆڕانکارییەکانی سەرگۆڕەپانی سیاسی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بینیووە.

لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا، بەتایبەتی لە رووداوە سیاسی و سەربازییەکانی نێوان ساڵانی (1963-1970 ) رۆڵ و هەڵوێستی دیاروکاریگەریان لەمەڕ رووداوو پێشهاتەکاندا هەبوو.

ئێمەش لەم سونگەیەوە، (رۆڵ و هەڵوێستی حیزبی شیوعی عێراق بەرانبەر رێککەوتنامەی 11ی ئاداری 1970) دەخەینە بەر باس و لێکۆلینەوە، کە بەقوناغێکی گرینگ لە مێژووی سیاسی عێراق و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد دادەنرێت.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەرو دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە . پلانی توێژینەوەکەشمان بە سە ر سێ تەوەردا دابەشکردووە:

تەوەری یەکەم / هەنگاوەکانی دەستپێکردنی گفتوگۆ

تەوەری دووەم/رۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە گفتوگۆکاندا

تەوەری سێیەم / حیزبی شیوعی عێراق و رێککەوتنامەی 11ی ئادار 1970

**کلیلی وشەکان:** رۆڵ ، هەلوێست، حیزبی شیوعی ، رێککەوتنامەی 11ی ئاداری 1970.

## پێشەکی :

شۆڕشی ئەیلول (1961-1975) بە ساڵانی شەڕو ئاشتییەوە کاریگەریی دەرئەنجامەکانی لەسەرپێشهات و گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستانەوە دیارە، بۆیە ئەرکی سەرشانی مێژوونوس و توێژەرانی کوردە، بە توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی لایەنەکانی مێژووی ئەو شۆڕشە تۆمار بکەن و لێیبکۆڵنەوە.

ئێمەش لەم روانگەیەوە، (رۆڵ و هەڵوێستی حیزبی شیوعی عێراق لەرێککەوتنامەی 11ی ئاداری 1970) کە قۆناغێکی تایبەت و تاڕادەیەك تەواوکەری ئەڵقەکانی پێش و پاش خۆی پێکدێنێ، کردمانە بابەتی توێژینەوەکەمان بەو ئامانجەی بتوانین بەشێوەیەکی زانستی و دوور لەهەموو سۆزو کەوتنە ژێر کاریگەری رووداوەکان و بۆچوونە سیاسیەکان، بچینە نێو ناوەڕۆکی رووداوەکانی ئەو سەردەمە پڕ بایەخە، بەهۆی سازدانی دیداری راستەوخۆ لەگەڵ سیاسەتمەداران و کاربەدەستانی ئەو سەردەمەی کوردو عەرەبەوە، بۆ گەیشتن بەراستی رووداوە مێژووییەکان، فاکتەرێکی دیکەی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیەمان لەژیان بوونی ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان لەدروستکردنی ئەو مێژووە بەشدار بوونە، یاخود ژیان و رووداوەکانی سەردەمی خۆیان تۆمار کردووە، ئەمەش کەرەستەیەکی باشی نووسینەوەی مێژووی ئەو سەردەمەیە. توێژینەوەکەمان پێکهاتووە لە پێشەکی، سێ باس، دەرئەنجام و پەراوێزەکان و لیستی سەرچاوەکان، پوختەی توێژینەوە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە پشت بە رێبازی مێژوویی و شیکاریی بەستراوە.

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية

المجلد 4 ، العدد 1 (2023)

أُستلم البحث في 20 مارس 2022؛ قُبل في 24 مايو 2022

ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 28 أبريل 2023

حقوق الطبع والنشر © 2023 رفيق، د. اسماعيل. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**تەوەری یەکەم:**

## هەنگاوەکانی دەستپێکردنی گفتوگۆ

بەرپرسانی سیاسی و سەربازی حکومەتی عێراق، دوای ئەوە تێگەیشتن ناتوانن بە بەکارهێنانی هێز شۆڕشی ئەیلوول لەناوبەرن، بۆ هێنانە ئارای کەشی ئاگربەست و دەستپێکردنی گفتوگۆ، پەنایان بردە پێوەندیکردن بەسەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان.

بێگومان دەسەڵاتدارانی عێراق هەستیان بەو ڕاستییە کردبوو، کە ناتوانن لە ڕێی شەڕەوە شۆڕشی کورد لەناوبەرن، ئەوەش هۆیەکی سەرەکی بوو لە گۆڕینی شێوازو هەڵسوکەوتی حیزبی بەعس بۆ دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتی کورد.

لەم بارەیەوە، وەزیری بەرگری عێراق حەردان تکریتی (1925-1971) دەڵێت: کوردەکان توانیان دەسەڵاتی ناوەند ملکەچ پێ بکەن، تا ئەندازەیەك لە بەردەوامبوونی شەڕ دەترساین لەسەردەستی مستەفا بارزانی بەغداش بڕوخێ... قوربانییەکانی سوپای عێراق چەند مانگێك بەر لە بەیاننامەی 11ی ئاداری 1970، لەهەفتەیەکدا 325 کوژراوو بریندارمان دا، دوا هەوڵمان خستەگەڕ بۆ کپکردنەوەی بەرگری کوردو شکستمان هێنا، بۆیە بۆ کۆتاییهێنان بە کوشتار بڕیاری دانوستانمان دا، چونکە ئەوە هەلێکی باشی بۆ مانەوە لەدەسەڵات بۆ دەڕەخساندین... بە نیازبووین تەسلیمی داخوازییەکانی بارزانی بین، بۆئەوەی پاشان بە کودەتایەکی سەربازیی دژی بوەستینەوە، بەڵام ئەو بەهێزترو ریاتر لە ئێمە بە ئەزموونتبوو لە شێوازەکانی تاکتیك و شەڕی سەربازیی و پارتیزانی، بۆیە لە بەندێکی نهێنیدا مەرجی هێشتنەوەی 25هەزار چەکداری کوردی دانا... هتد (التكريتي، 1990، ص 104).

حیزبی شیوعی عێراق پرسی کوردی وا خستبووە بەرنامەی خۆی وەک ئەوەی پرسێکی ناوەندی بێت، بۆیە جەختی لە پێویستی چارەسەرکردنی دەکردەوە بە ڕێگەی ئاشتییانەو داوای لەحکومەت دەکرد چارەسەری ئەو پرسە بکات، پێیوابوو لە ئەگەری چارەسەرنەکریدا بەرەی ئیمپریالیزم و هێزە کۆنەپەرستەکان سوودمەند دەبن. هەروەها حیزبی شیوعی جەختی لە سیاسەتی حکومەت دەگرت کە نکۆڵی لە کەمترین مافەکانی گەلی کورد کردووەوحکومەت پەنای بردبووە بەر هاندانی گروپە بەکرێگیراوانی کورد، بۆئەوەی ڕۆڵی سوپا ببینن لە ناوخۆی شارو گوندەکاندا (طريق الشعب (السرية)، العدد9، السنة25، أواسط كانون الأول 1968).

گفتوگۆ بە دوو قۆناغ دەستپێیکرد، قۆناغی یەکەم بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە کۆتایی مانگی ئاب و سەرەتای ئەیلولدا بوو و هەردوو مانگی تشرینی یەکەم و دووەمی ساڵی 1969ی خایاند (چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمان، هەولێر، 2022/1/3). لەهەوڵی یەکەمدا، لەمانگی ئابی ئەو ساڵەدا بەعسییەکان لە ڕێگەی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە، ئەویش بەهۆی ئەنوەر عەبدوڵڵا سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و قادر محەمەد ئەمین کە سکرتێری ڕێکراوەکە بوو، هەردووکیان قوتابی بوون لە زانکۆکانی بەغداو موسڵ، ئەوەبوو پێشنیارێکیان سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی کورد، بۆ سەرکردایەتی شۆڕش یکورد نارد، ئەویش دەستپێشخەری ئامادەبوونیان بوو بە پابەندبوون بە بەیاننامەی 29ی حوزەیرانی 1966، بەڵام سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دوای کۆبوونەوە، ئەو پێشنیارانەیان ڕەتکردەوە، چونکە لە لایەکەوە لەو پێشنیارانەدا باس لە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ نەکرابوو، لە لایەکی دیکەشەوە پێیانوابوو کە سەردەمەکە گۆڕانی بەسەر داهاتووەو بەیاننامەی 29ی حوزەیران بۆ سەردەمی ئێستایان گونجاو نیە (عقراوي، 2007، ص261-262؛ عەبدوڵڵا، 2008، ل39-40).

لە سەرەتای تشرینی یەکەمی 1969دا، سۆڤیەت پەیامێکی بە دارا توفیق دا بۆ بارزانی نارد، بە مەبەستی دەسپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق (ڕەندل، 2003، ل221). پاش گەیشتنی پەیامەکە، بە بڕیاری بارزانی پەیامەکە گوێزرایەوە بۆ تاران بۆئەوەی نیشانی جەنەراڵ نیعمەتوڵڵا ناصری لێپرسراوی سەرۆکی دەزگای ساواکی ئێرانی بدرێت و پاشان سەردانی حاجی ئۆمەران بکات، بۆ ئەوەی گفتوگۆو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن (الخرسان، 2001، ص177). بۆیە لەسەرەتادا، چەندین کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم پرۆسەی گفتوگۆکەدا هەبوون و هەڕەشەو گوشاریشی تێدا بەکارهات، چونکە ئێران مەبەستی بوو گفتوگۆ سەرنەگرێت، حکومەتی ئێران پێیوابوو کە ئەگەر گفتوگۆکان سەربگرێ و کوردو حکومەتی عێراق بگەنە ڕێککەوتن، ئەوا حکومەتی عێراق هیچ کێشەیەکی نامێنێ و کار بۆ دەست بەسەرداگرتنی کەنداوی فارس دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە مەترسی ئەوەی هەبوو کە لە عێراقدا بارزانی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی پێکبهێنێ و یارمەتی کوردانی ئێران و تورکیا بدات ، بۆیە شای ئێران ئەوەی خستبووە روو کە ئامادەیی تێدایە یارمەتییەکانی بۆ کورد فراوانتر بکات، بەو مەرجەی دانوستان لەگەڵ بەعس دا نەکەن (کۆچیرا، 2003، ل422؛ عومەر، 2019، ل289-290).

لە 9ی تشرینی یەکەمی 1969دا، (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی عێراق لە بەیاننامەیەکدا هەندێ لەمافە ڕۆشنبیرییەکانی گەلی کوردی سەلماند (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الجمهورية العراقية، القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة 1968-1977، م1، 1979، ص597-598) کە ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەبوو (نیازپاکیی!) خۆی نیشان بدات و بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول زەمینەی بۆ خۆش بکات.

**تەوەری دووەم:**

## ڕۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە گفتوگۆکاندا

هەر لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ دا، یەکێتی سۆڤیەت بۆ مەبەستی ئەنجامدانی گفتوگۆ لە نێوان حکومەت و سەرکردایەتی کورد لە ڕێگەی (عەزیز شەریف)ەوە پێوەندییان بە شۆڕشی کوردستانەوە کرد، بۆئەوەی بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ بیروڕایان بزانن، ئەویش لەڕێگەی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە گەیشتە ناوچەی باڵەك. عەزیز شەریف لە دانیشتنێکدا لەگەڵ بارزانی، پەیامی سۆڤیەت و داواکاری سەرۆك کۆماری عێراقی خستەڕوو، دەرئەنجامیش مستەفا بارزانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی ڕاپەڕاندنی پارتی کۆبۆوە، لەو کۆبوونەوەیەش لەسەر دەستپێکردنی گفتوگۆ ڕەزامەندییان دەربڕی (الخرسان، 2001، ص177-178؛ بارزانی، ب3، 2004، ل22؛ عقراوي، 2007، ص264-265).

هەنگاوەکانی سۆڤیەت بەردەوام بوو بۆ چارەسەری پرسی کورد لە عێراقدا، کە زیاتر ئامانجیان پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەمریکی بوو لە ناوچەکەدا (کوچی، 1990، ص33).

لەسەر ئاستی ناوخۆشدا، لە ئەنجامی ئاڵۆزی دۆخەکە لە نێوان حکومەت و بزووتنەوەی کورد کە لەوانەبوو ببێتەوە هۆی پێکدادانی سەربازیی، کە هێشتا حکومەت دۆخی ناوخۆیی مسۆگەر نەکردبوو، هەروەها سەرکردایەتی کوردیش بە دەرفەتیان زانی فشار بخەنە سەر حکومەتی نوێ بۆ جێبەجێکردنی داواکانیان، ئەمە وایکرد کە سەرکردایەتی بەعس لە 15ی تشرینی دووەمی 1968 دا پەیوەندی بە سەرکردایەتی کوردەوە بکەن، لە ڕێگەی موکەرەم تاڵەبانی نوێنەری حیزبی شیوعی

عێراق كە بانگهێشتیان كردبوو بۆ كۆشكی كۆماری، لە ئەنجامی گفتوگۆی تووند لەنێوانیاندا موكەڕەم تاڵەبانی داوایكرد كە پێشنیاری روون بدرێت بە كورد بۆ چارەسەركردنی پرسی كورد لەسەر بنەمای پێدانی ئۆتۆنۆمی. لەوبارەیەوە نوێنەرەكەی حیزبی شیوعی لە 24ی تشرینی دووەمی 1968 یاداشتێكی بە بەعس دا كە رای حیزبی شیوعی لەخۆدەگرت بۆ چارەسەركردنی پرسی كورد، دیارترین ئەو خاڵانەی تیایدا هاتبوون بریتی بوون: ئۆتۆنۆمی بە پێچەوانەی نا ناوەندێتی كارگێڕی، چارەسەری سیاسی بۆ پرسی كورد، ئەو چارەیەش بریتییە لە دانپێدانانی راشكاوانە بە قەوارەی نەتەوەیی كوردو مافی بڕیاردانی چارەنووس و دیاریكردنی سنووری جوگرافی كوردستان لەسەر بنەمای نەتەوەیی (الطالباني، 2009،ج2،ص348)، بەڵام وا دەركەوت، ئەوە هەوڵێك بوو سەركردایەتی بەعس دەیویست لە رێگەیەوە بەرەی ناوخۆیی پتەوبكات و دواتر بەپێی روانینی خۆی ئەو پرسە چارەسەر بكات.

لە25 ی تشرینی دووەمیشدا، (ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش)ی عێراق لە بڕیارێكدا، بۆ چاودێری جێبەجێكردنی هەموو ئەو بڕیارانەی لە لایەن ئەنجومەنی ناوبراوەوە سەبارەت بە پرسی كورد دەرچووبوون، لێژنەیەكی لە هەمان ئەنجومەن بەسەرۆكایەتی (ساڵح مەهدی عەمماش)و ئەندامێتی (سەعدون غێدان و مورتەزا ئەلحەدیسی و عەبدوڵڵا ئەلسەللوم) پێكهێنا (الوقائع العراقیة، العدد1807، 1969/12/2).

بەر لە دەستپێكردنی گفتوگۆو دانوستانی راستەوخۆی حكومەتی عێراق و سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول، یەكێتی سۆڤیەت لە رێگەی (یەڤگینی بریماكۆف)ەوە لە كانونی یەكەمی 1969 دا، بۆ چارەسەركردنی پرسی كورد، پەیامێكیان ئاڕاستەی دەسەڵاتدارانی بەغداو سەرۆكی جوڵانەوەی رزگاریخوازی كورد مستەفا بارزانی كرد (چاوپێكەوتن لەگەڵ دكتۆر مەحمود عوسمان، هەولێر، 2022/1/3)،پێداگری سۆڤیەت هۆكارێك بوو بۆ رژێمی عێراق كە داوای ئاشتی و رێككەوتن لەگەڵ سەركردایەتی شۆڕش بكات، لە بەرانبەریشدا بارزانی بەمەبەستی دەستەبەركردنی مافە نەتەوایەتییەكانی كورد، بە ئەرێنی وەڵامی داواكاری سۆڤیەت دایەوە. بارزانی ئەم پەیامەی دا بە بریماكۆف كە ئارەزوو دەكات رۆڵی یەكێتی سۆڤیەت لە داهاتوودا روون و بەهێز بێت، تاكو لێپرسراوانی بەغدا لەو بەڵێنانەی خۆیان پاشگەز نەبنەوە كە لە ماوەی دانوستانی داهاتوودا دەیدەن بەكورد، هەروەها بارزانی پێیراگەیاندن كە وای پێ باشە حیزبی شیوعی عێراق لەو دانوستانەدا ئامادەبێت. بەتایبەتیش لەكاتی چارەسەری و یەكلاكردنەوەی كۆتاییدا، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئارامیی لە عێراقداو دۆزینەوەی هەلومەرجی گونجاو بۆ چارەسەركردنی سەرجەم پرسەكان، لەدوای گفتوگۆیەكی درێژ لەگەڵ بارزانی دا، بریماكۆف گەڕایەوە بۆ بەغدا، دڵخۆش و گەشبین بوو بە رێككەوتنێك لە نێوان سەركردایەتی حیزبی بەعس و سەركردایەتی شۆڕشی كورد (عقراوي، 2007، ص264).

دوای ئەوە پێوەندی نێوان فەرمانڕەوایانی بەعس و بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان پێینایە قۆناغێكی نوێ و قۆناغی دووەمی گفتوگۆی نێوانیان كە قۆناغی راستەوخۆی بوو لە ناوەڕاستی كانوونی یەكەمی 1969دا دەستییپێكرد (چاوپێكەوتن لەگەڵ دكتۆر مەحمود عوسمان، هەولێر، 2022/1/3).

هەر لەمانگی یەكەمی 1969دا، فوئاد عارف لەسەر داوای سەدام حسێن جێگری سەرۆكی (ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش)ی عێراق، سەردانی ئەحمەد حەسەن بەكر سەرۆك كۆمارو ناوبراوی كرد، داوایان لێكرد خواستی ئەوان بۆ چارەسەركردنی پرسی كورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی بە مستەفا بارزانی رابەری شۆڕشی كوردستان بگەیەنێت، بۆ زەمینە خۆشكردنیش سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول پێوەندییە دەرەكییەكانی بپچڕێنێت (فوئاد عارف)یش بۆ دروستكردنی باوەڕو متمانە لە نێوان حكومەت و سەركردایەتی كورد، بە پێویستی زانی سەركردایەتی حیزبی بەعس نوێنەرێكی خۆیان لەگەڵیدا بنێرن، ئەوانیش (سەمیر عەزیز ئەلنەجم)یان دەستنیشانكرد كە لەگەڵیدا بچێتە لای مستەفا بارزانی (عارف، 2009، ص261-263)• بۆ ئەو مەبەستە، لە 18ی كانوونی یەكەمی 1969دا، ناوبراو لەگەڵ فوئاد عارف و عەزیز شەریف گەیشتنە كوردستان، ئەمەش یەكەمین پێوەندی راستەوخۆ بوو لەگەڵ مستەفا بارزانی و سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلوول، شاندەكە رۆژێك لە كوردستان مایەوەو ئامادەیی حكومەتیان بۆ رێككەوتن نیشان دا (جواد، 1990، ص162). هەر لەو دانیشتنەدا فوئاد عارف پێشنیاری كرد، سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان بۆ درێژەپێدانی گفتوگۆ نوێنەری خۆی لەگەڵ شاندەكە بۆ بەغدا بنێرێت، ئەوانیش لەو پێناوەدا (دارا تۆفیق)یان بەنوێنەرایەتی رەوانە كرد (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەبدوڵڵا، 2008، ل ل43-47).

ئێوارەی 31ی كانوونی یەكەمی 1969، شاندێكی باڵای حكومەت ، گەیشتە بارەگای سەركردایەتی كورد لە ناوچەی باڵەكایەتی لە قەزای رواندوز، كە پێكهاتبوو لە فەریق حماد شهابی سەرۆكی ئەركانی سوپاو عبدالخالق السامرائی و مرتضی الحدیثي و سمیر النجم و فەریق روكن سعدون غیدان و عەمید روكن محمد علی سعید و طارق عزیز بەهاوڕێیەتی عەزیز شەریف و لیوای خانەنشین فوئاد عارف، لایەنی كوردیش بە سەرۆكایەتی بارزانی و ئەندامێتی هەریەكە لە حەبیب فەیلی و دكتۆر مەحمود عوسمان و محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان و نوری شاوەیس و نافیز جەلال بوو، لەو كۆبوونەوەیەدا گفتوگۆ دەربارەی پرسە هەستیارەكانی تایبەت بە عێراق و كوردستان كرا (عقراوي، 2007، ص265).

شایانی باسە، هەرچەندە گفتوگۆكان بە تەنها لە نێوان سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان و حیزبی بەعسدا بوو، بەڵام پارتی هەوڵیدا هێزو لایەنە سیاسییەكانی دیكەش وەك حیزبی شیوعی عێراق بەشداربن، كەچی بەعسییەكان بەوە رازی نەبوون، بەڵام لایەنی كوردی لەگەڵ نوێنەری حیزبی شیوعی كۆدەبوونەوە، لەهەر گەرێكی گفتوگۆ لەگەڵ حكومەتدا زانیارییەكانیان پێدەدان و گوێ لە بیروڕایان دەگیرا (دزەیی، 2009، ل218). سەرەڕای ئەمەش پارتی دیموكراتی كوردستان سووربوونی خۆی بۆ بەشداری حیزبی شیوعی دووپاتكردەوە. ئیدی لەوكاتەی كە خەریك بوو گفتوگۆكان بەرەو بنەست بچن، حیزبی شیوعی عێراق وای بە پێویست زانی، بەشداری نەبوونی ئەوان نەبێتە هۆكارێك بۆ پەكخستنی گفتوگۆكان، بۆیە بە سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستانی راگەیاند كە بەبێ ئەوان درێژە بە گفتوگۆكان بدات، لەسەر ئەو بنەمایەش پرۆسەكە درێژەی پێدرا (چاوپێكەوتن لەگەڵ كەریم ئەحمەد، هەولێر، 2020/7/23؛ ئەحمەد، 2007، ل258).

لەم بارەیەشەوە، عەزیز محەمەدی سكرتێری كۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق نامەیەكی بۆ بارزانی ناردووەو تێیدا دەڵێت: نامانەوێ رەتكردنەوەی بەشداریكردنی ئێمە لەدانوستانەكە لەلایەن دەسەڵاتی بەعسەوە، ببێتە هۆكاری سەرهەڵدانەوەی كێشە لەنێوانتان، سوورو پێداگر مەبن، ئێمە باوەڕمان بەئێوە هەیە سازش ناكەن بۆ بەرژەوەندییەكانی گەلانی عێراق و گەلی كورد، ئێوە نوێنەری ئێمەش بن لە دانوستانەكاندا (توما، 2012، ص592).

شایانی باسكردنە، لەماوەی نێوان ساڵانی 1963-1970، رۆڵ و هەڵوێستی حیزبی شیوعی عێراق لەگەڵ هەموو هەورازو نشێوو پێشهاتەكاندا، بە شێوەیەكی گشتی لە

پرسە ستراتێژییەکاندا لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوای کوردی بووە، بەبێ رەچاوکردنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیان.

لە ماوەی گفتوگۆکاندا، سەردان و سەردانی بەرانبەر بەردەوام بوو، لە کاتی هاتنی صدام حسێن و حەردان تکریتی وەك شاندی باڵای حکومەت بۆ لای بارزانی لە ناوچەی رەواندوز، پێشمەرگەکانی باڵی قیادەی مەرکەزیی حیزبی شیوعی لە بازگەیەکی گوندی کێلەکان دا، رۆژنامەو بەیاننامەی حیزبەکەیان دەدایە شاندەکە، ئەو کردارەش بووە مایەی گلەیی شاندی حکومەت لەلای سەرکردایەتی شۆڕشی کورد (مەلا مستەفا، 2019، ل252-254).

لە درێژەی هەوڵەکانیدا، یەکێتی سۆڤیەت دەیویست حکومەتی عێراق و بزووتنەوەی کوردو حیزبی شیوعی عێراق بگەیەنێتە یەك، قورسایی خۆی خستبووە سەر بارزانی، لە کۆتایی 1969و سەرەتای 1970دا دانوستاندن لەنێوان سەرکردایەتی بەعس و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوولدا لە ناوپردانەوە دەستپێیکردو گفتوگۆکان برایە بەغدا. دوای هەموو کۆبوونەوەیەکی گرنگ، باڵیۆزی سۆڤیەت ئەندامانی هەردوو شاندی دانوستانی دەبینی ، هەوڵی دەدا بیروبۆچوونیان لە یەکتر نزیك بکاتەوەو چارەسەر بۆ ناکۆکییەکان بدۆزێتەوە، تەنانەت کاتێك کە نوێنەرانی کورد پێیان دادەگرت لەسەر بەشداربوونی نوێنەری حیزبی شیوعی عێراق لە گفتوگۆدا و نوێنەرانی بەعس ئەوەیان رەتکردەوە بە بیانووی ئەوەی حیزبی شیوعی عێراق حیزبێکی کوردیی نیەو عێراقییە، کاربەدەستانی سۆڤیەت داوایان لە نوێنەرانی کورد کرد، دەست لەو داواکارییە هەڵبگرن بۆ ئەوەی نەبێتە کۆسپی بەرەو پێشەوەچوونی رەوتی دانوستان (ئەمین، 1997، ل99-100).

لەسەرەتای کانوونی دووەمی 1970دا، حیزبی شیوعی عێراق دووپاتیکردەوە، کە نزیکەی 10 ساڵە لە پێناوی چارەسەری دیموکراتی بە رێگەی ئاشتییانەو لەپێناوی ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی کۆماری عێراق تێدەکۆشێت، بڕوای وایە کە پێویستە دەستکەوتەکانی سەرکەوتن هاوتا بێت بە ئاستی قوربانیدانەکان و هەوڵەکان. ئەوان درێژە بە تێکۆشان دەدەن و داوا دەکەن کە پەلە بکرێت لە بەڕێوەچوونی گفتوگۆکان لەبەردەم خەڵك و بە بەشداری هەموو حیزبە نیشتمانییەکان لە گفتوگۆکان و داوا لە تەواوی جەماوەری گەل دەکەین کە خواستی خۆیان دەربڕن بۆ چارەسەری دیموکراتییانەو ئاشتییانە (الحزب الشيوعي العراقي، أوائل كانون الثاني 1970).

دوای ئەوە لە بەیاننامەیەکی دیکەدا رایگەیاند : ئەو سەرەتا باشانەی کە لە گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی عێراقی و شۆڕشی کورد دەرچوون نیگەرانی لەلای دەزگای هەواڵگری ئەمریکا و ئیسرائیل و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی بەکرێگیراو لە ئێران و ناوەندە کۆنەپەرستەکانی عێراق دروست کردووە. ئەوان ترسیان لەوەیە کە گفتوگۆکان بەکۆتایی هاتنی شەڕ لە کوردستان بگات و سوپای عێراق ببرێتە بەرەی رۆژهەڵاتی دژ بە ئیسرائیل، هەروەها ناوەندە ئیستعماری و کۆنەپەرستەکان لەو هەنگاوانەی حکومەتی عێراق دەترسن کە هاوپشتویەتی لە بواری سیاسی و ئابووری و چاکسازی کشتوکاڵی بەرەنگاربوونەوەی تۆڕەکانی سیخوڕی و پتەوکردنی پێوەندیی ئابوری و رۆشنبیری لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستی (الحزب الشيوعي العراقي ، 22 كانون الثاني 1970).

لە هەمان کاتدا حیزبی شیوعی پێیوابوو چارەسەرکردنی پرسی کورد داخوازی جەماوەرو حیزب و هێزە پێشکەوتنخوازە عەرەبیی و کوردییەکانە، داخوازییەکە ئەگەر جێبەجێ بێت زیان بە پیلان و دەستێوەردانەکانی ناوەندە ئیستعماری و کۆنەپەرستییەکان دەگەیەنێت، هەربۆیە ئەو هێزانە هەموو تواناکانی خۆیان بەگەڕخستووە بۆ سەرنەکەوتنی ئەو گفتوگۆیانەو تێکدانی. بەشداریکردن بە نوێنەرانی حیزبە نیشتمانییەکان لە گفتوگۆکان و بەشداریکردن بە هەمووان لە چارەسەرکردنی پرسی کورد، داخوازییەکانی میللییەو و بەدیهێنانی هەنگاوێکی جددی و کارایە بۆ بەرەوپێشەوە بردنی گفتوگۆکان و گەیشتن بە چارەسەرێکی رەواو پابەند لەبەردەم گەل و هێزە نیشتمانییەکانی (طريق الشعب "السرية"، العدد ١، السنة 27، أواخر كانون الثاني 1970). دەبێت ئەوە بڵێین، لە سەرەتای گفتوگۆکاندا بارزانی لە ناوچەی ناوپردان لە بارەگاکانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عێراق گفتوگۆکانی لەگەڵ شاندی حکومەت ئەنجام دەدا، لەبەرئەوەی بارزانی دەیویست حیزبی شیوعی وەکو شاهێد و لایەنی سێیەم لەناو پرۆسەکەدا بێت، لەبەرئەوەی بارزانی دەیویست حیزبی شیوعی وەکو شاهێد و لایەنی سێیەم لەناو پرۆسەکەدا بێت، بەڵام بەعس دژی ئەوە بوو، تەنانەت لەناو کوردیش کەسانی وا هەبوون کە دژی ئەوە بوون لەوانەش دکتۆر مەحمود عوسمان کە ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو (چاوپێکەوتن لەگەڵ ملازم خدر، هەولێر، 2021/1/17).

**تەوەری سێیەم:**

**حیزبی شیوعی عێراق و ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970**

گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی عێراق بەردەوام بوو، ئەنجامەکەی ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 بوو،هەردوولا گەیشتن بەوەی کە لە ماوەی چوار ساڵدا لە رێی هەموارکردنەوەی دەستور یاسایەکەوە ئۆتۆنۆمی بە کورد بدرێ، بەیاننامەی راگەیاندنی ڕێککەوتننەکە لە لایەن عەزیز شەریفەوە داڕێژرابوو کە رۆڵێکی دیاری لە ڕێککەوتنی هەردوولادا بینی، حیزبی شیوعی عێراقیش بە گەرمی پشتگیری کردو بەشداری شادی و خۆشی جەماوەری عێراق کرد، بۆ ئەو دەستکەوتە مێژووییە، لەبەرئەوەی بۆ یەکەمجار لە مێژووی سیاسی عێراقدا، دانترابوو بە نەتەوەی کوردو مافە نەتەوەییەکانی، بۆ پێکهێنانی قەوارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، ئەمەش سەرکەوتنی پرۆسەکەو دەستکەوتێکی سیاسی بوو بۆ بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، هەرچەندە حیزبی بەعس هیچ هەنگاوێکی ئەرێنی نەنا بەرەو جێبەجێکردنی ئەو (15) خاڵەی کە لە چوارچێوەی بەیاننامەکەدا لەسەری ڕێککەوتبوون، چونکە لای ئەوان ئەوە هەنگاوێکی تاکتیکی بوو (الخرسان، 2001، ص175-176؛ ئەحمەد، 2007، ل258).

یەکێتی سۆڤیەت پێش هەموو وڵاتانی بەرەی رۆژهەڵات، پیرۆزبایی ڕێککەوتنەکەی کردو بروسکەی پیرۆزباییان بۆ (ئەحمەد حەسن بەکر) نارد، کە تیایدا هاتبوو: ئێمە باوەڕمان وایە، بەگەڕخستنی ئەم ڕێککەوتنە گشتییە، یەکێتی نیشتمانی و دۆستایەتی نێوان هەردوو گەلی برا، عەرەب و کورد لە کۆماری عێراقداو پایەی جیهانیی حکومەتی عێراق بڵندتر دەکات (نەبەز، 2006، ل311). راگەیاندنی ڕێککەوتنی ئاداری 1970 بووە مایەی خۆشحاڵی گەلانی عێراق بە سەرجەم نەتەوەکانییەوە، حیزبە سیاسیەکانیش بە گەرمی پێشوازیان لێکرد، بەر لە هەموانیش عەزیز محەمەد سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ هەریەك لە سەرۆك کۆماری عێراق و مستەفا بارزانی رابەری شۆڕشی کورد رەوانە کردو وێڕای پیرۆزبایی کردن، لەو بروسکەیەدا لە پێناوی جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکە جەختی لەسەر ئامادەیی و هاوکاریکردنی هەردوولا کردبۆوە (عومەر، 2019، ل292).

هەرچەندە بەهادین نوری ئەندامی سەركردایەتی ئەوكاتەی حیزبی شیوعی نامیلكەیەكی نووسی بوو، پێیوابوو هەرگیز حیزبی بەعس نایەوێت و ناشتوانێت بە ڕێگەیەكی ئاشتیخوازانە چارەسەرێكی دیموكراتیانەی پرسی كورد لە عێراقدا بكات، بەڵام دوای چاپكردنی نامیلكەكەو دابەشكردنی بەسەر ڕێكخراوەكانی حیزبدا، عەزیز محەمەد بڕیاریدا نامیلكەكە كۆبكرێتەوەو دابەش نەكرێت (نوري، 1995، ص297؛ العلوائي، 2006، ص261؛ عومەر، 2019، ل292).

دوای ڕاگەیاندنی ڕێككەوتننامەی 11ی ئاداری 1970، حیزبی شیوعی عێراق بەیاننامەیەكی دوورو درێژی دەركردو ڕێككەوتنەكەی بە هەنگاوێكی نوێ لە هەنگاوەكانی عێراق و گەلی كورد ناساند كە بارودۆخ لە كوردستان دا دەگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی و ئەو پارە زۆرەی كە لە شەڕدا بەفیڕۆ دەدرا دژ بەخواستی هەردوو گەلی عەرەب و كورد، دەگەڕێندرێتەوەو ئەو ڕێككەوتنامەیە سنوورێك بۆ چالاكی هاوپەیمانی سەنتۆ و حوكمی شای بەكرێگیراو دادەنێت، لە دەستوەردان لە كاروباری عێراق. هەروەها لە بەیاننامەكەدا رایانگەیاند بوو كە گەرەنتی راستەقینە بۆ جێبەجێكردنی ڕێككەوتنەكە، دەستەبەركردنی ئازادییەكان و دیموكراتی و دامەزراندنی رژێمی دیموكراتیە لەهەموو وڵاتدا لەسەر ئەم بنەمایەش حیزبی شیوعی عێراق دروشمی خۆی داڕشت (دیموكراتیەت بۆ عێراق، ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان). هەروەها دووپاتیان كردبۆوە كە حیزبی شیوعی عێراق زۆر سوورە لەسەر ئەوەی كە ڕێككەوتنی نێوان حكومەتی عێراق و سەركردایەتی شۆڕشی كورد بنەمایەك بێت بۆ چارەسەری كۆتایی پرسی كوردو قۆناغێكی نوێ بێت بۆ برایەتی هەردوو گەلی برا عەرەب و كوردو هەموو كەمینە نەتەوەكانی عێراق، حیزبی شیوعی عێراق هەروەك جاران و چۆن ناسراوە بەردەوام دەبێت بۆ سەرخستنی ئەوەی بەدیهاتووە تەنها ڕێككەوتنێكی كاتیی نەبێت و سەرلەنوێ شەڕ دەست پێنەكاتەوە (الحزب الشیوعي العراق، بغداد، في أواسط آذار 1970).

ئەوەی جێگای سەرنجە، حیزبە شیوعییەكانی و وڵاتانی عەرەبیش پێشوازیان لە ڕێككەوتنی 11ی ئادار كردو پێیانوابوو كە چارەسەركردنی پرسی كورد لە عێراقدا بە شێوەیەكی ئاشتی و دیموكراسی یارمەتیدەرێكی باش و كاریگەر دەبێت لە كۆكردنەوەی تواناكان بۆ پتەوكردنی بەرەی رۆژهەڵات، بەربەستی گەورەش لادەدات لە ڕێگەی هاوپەیمانی حیزب و هێزە نیشتمانییەكان لە عێراق لە بەرەیەكی نیشتمانیی یەكگرتوودا (القیسي، 2014، ص282).

راگەیاندنی ڕێككەوتنامەی 11ی ئادار بارودۆخێكی نوێی هێناكایەوە، بۆیە گەشەسەندنی پێوەندی نێوان حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموكراتی كوردستان پەیوەست بوو بەو بارودۆخە نوێیەوە، سەرەڕای ئەو دەستدرێژیانەی كە دوای راگەیاندنی ڕێككەوتنامەی ئادار  لە لایەن حكومەتەوە دەكرایە سەر كادیرانی پارتی و شیوعی، بەڵام ئەوان وەك دوو لایەنی هاوپەیمان پێكەوە بۆ ماوەی دووساڵ كاریان كردووە،  پارتی هەموو جۆرە یارمەتییەكی ماددی و مەعنەوی پێشكەش بەشیوعییەكان دەكرد، لەهەمان كاتیشدا ئەو یارمەتیە دیبلۆماسی و مەعنەوییانەی كە شیوعییەكان پێشكەش بە پارتی و شۆڕشی ئەیلوولیان دەكرد بایەخی خۆی هەبوو (عومەر، 2019، ل293).

دەتوانین بڵێین كە رازی نەبوونی بەعس بە بەشداریكردنی حیزبی شیوعی لە گفتوگۆكاندا ، ئارەزوو و خواستی بەعس بوو، بۆئەوەی پێكەوە ركابەری هەردوو نەیارەكەی نەكات لەیەك كاتدا. بەعس هەركاتێك لە گفتوگۆ بوایە یان نزیك بوایەوە لە كورد پشتی لەشیوعییەكان دەكرد بە پێچەوانەشەوە. هەروەها لە بەیاننامەی 11ی ئاداردا باسی رۆڵی شیوعییەكان نەكرابوو لە نزیكخستنەوەی بەعس و كورد، بۆیە ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی و تووڕەبوونی شیوعییەكان (سباهي، 2006، ص104).

لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی شیوعی پێشوازی لە بەیاننامەی 11ی ئادار كردو عەزیز محەمەد سكرتێری حیزب بروسكەیەكی بۆ سەرۆك كۆمار (ئەحمەد حەسەن بەكر)یش ناردو پاڵپشتی و خۆشحاڵی حیزبی شیوعی تیایدا دەربڕیبوو، هەروەها بە هەنگاوێكی گرینگی ناساندبوو لە ڕێگەی وەدیهێنانی بەرەی نیشتمانیی لە نێوان حیزب و لایەنە پێشكەوتنخوازەكاندا (طریق الشعب "السرية"، العدد(3)، أواخر آذار 1970).

ڕێككەوتننامەی 11ی ئادار یارمەتیدەر بوو بۆ جێگیربوونی دەسەڵاتی رژێمی بەعس و یارمەتیدانی تاكو بیر لە نەیارانی دیكەی بكاتەوە (مار، 2009، ص35)، بۆیە لەگەڵ كورد ڕێككەوت تا لەگەڵ شیوعییەكان توند بكا (ڕێگای كوردستان "السرية"، العدد3، أيلول 1971)، چونكە هەر رۆژێك دوای راگەیاندنی بەیاننامەكە، بە زەبری هێز گردبوونەوەی شیوعییەكانی تێكدا كە بۆ پشتگیری بەیاننامەكەو بەرقەراربوونی ئاشتی لە كوردستان ڕێكیان خستبوو و سەدان كەسی لەناوچە جیاجیاكانی عێراقدا لێ دەستگیركردن (د.ك.و، ملفات وزارة الداخلیة، الملفة المرقمة 18/22، الحركة الشیوعیة في العراق).

دوای راگەیاندنی ڕێككەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 بۆ چارەسەركردنی پرسی كوردو كۆتاییهاتنی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی كە سەپێندرابوو، كۆتایی بەشەڕ هێنرابوو و خەڵك دڵخۆشیان دەردەبڕی، بەڵام حكومەت و دەزگا سەركوتكەرەكانی هەڵمەتێكی بەرفراوانیان دژ بەشیوعییەكان دەستپێكرد. هەروەها پەلاماری شیوعییەكان درا كە بەشداری ئاهەنگی نەورۆزی 1970یان كرد، دەیان كادیریان دەستگیركران، تەنیا لەشاری كوت 150كەس دەستگیركران (طریق الشعب، العدد4، السنة 27، أواخر نیسان 1970).

دیاربوو حیزبی بەعس نیازی پەلاماردانی شیوعییەكانی هەبوو، بەڵام دەیویست لە پارتی دڵنیابێت، هەموو لایەك دەیانزانی كە هەڵوێستی حیزبی شیوعی لە ڕێككەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 بەلای كورد دایە. بەڵام بەعسییەكان بەهیچ شێوەیەك رازی نەبوون كە شیوعییەكان بەشداربن، بۆئەوەی و ا دەربكەوێت كە بەعسییەكان خۆیان دەستپێشخەرییان كردووە، تاكو بیكەنە دەسكەوتێك بۆخۆیان،بەڵام هەموو عێراق ئەو راستییەیان دەزانی كە بەعس دان بەمافی كورد نانێت، كاتێك پەناشی بۆ ڕێككەوتن بردووە لە ژێر فشاری ناوخۆو دەرەوەدا بوو، تەنها بۆ سوود وەرگرتن بووە لە كات، بۆ زیانگەیاندن بە شۆڕشی كورد،بەڵام حیزبی شیوعی دەیویست هەموو تواناكانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ سەرخستنی ڕێككەوتننامەكە ئەویش بە ڕێككەوتن لەگەڵ حیزبی بەعس و پارتی دیموكراتی كوردستان (طریق الشعب، العدد(3)، السنة(27)، أواخر آذار1970).

لەهەمان كاتدا، بەعسییەكان جەختیان لەسەر ئەوە دەكردەوە ژیانی پارتایەتی پێویست نیە، چونكە ئازادی كاری سیاسی و فرە حیزبی لە فەرهەنگی حیزبی بەعسدا نەبووە، بۆیە پێیانوابوو كە دوو پارتی پێشڕەو هەن لە عێراقدا حیزبی بەعس و لە كوردستانیشدا پارتی دیموكراتی كوردستان، لە ئەنجامی ئەو هزرەدا حیزبی بەعس شاڵاوی تیرۆرو داپلۆسینی بۆ سەر حیزبی شیوعی عێراق دەستپێكردو ژمارەیەكی زۆر لە سەركردەو كادیرو ئەندامانی شیوعی دەسگیركران و ژمارەیەكیشیان تیرۆركران (ئەحمەد، 2007، ل20-251؛ عومەر، 2019، ل297).

له باسەکانی پێشووتریشدا، ئاماژەمان پێکردووە سیاسەتی توندوتیژی بەعسییەکان بەرانبەر شیوعییەکان، بووە فاکتەری پتەوتربوونی پێوەندی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق لەماوەی شۆڕشی ئەیلوولدا، بۆیە بارزانی دووپاتیکردەوە: "دەرگا دەکەمەوە بۆ گشت ئەو کەسانەی پەنامان بۆدێنن". ئەوەش ئاماژەی روونبوو بۆ پەنادانی شیوعییەکان کە دووچاری ئەشکەنجەدانی رژێمی عێراق ببوونەوە لە دوای راگەیاندنی رێککەوتنی 11ی ئادار (چالیاند، 1997، ل293؛ عومەر، 2019، ل297).

هەموو ئەوانەش ئەو راستییە دەسەلمێنن کەوا سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دوای رێککەوتنیشیان لەگەڵ رژێمی بەعس، حیزبی شیوعی عێراقیان بە هاوپەیمان و دۆستی ستراتیژی خۆیان زانیوە، بۆیە بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون.

له ١ ی تەموزی ١٩٧٠ دا پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی هەشتەمی گرێدا، تیایدا له لایەن نوێنەرانی هێزە سیاسییەکانەوە وتار پێشکەشکران، له نێویاندا وتاری کەریم ئەحمەد بە نوێنەرایەتی حیزبی شیوعی عێراق بوو، کە تێیدا رەخنەی لە دەسەڵاتی بەعسییەکان گرتبوو، بەعس لە رێگەی کەناڵەکانیەوە هەفتەیەك وەڵامی حیزبی شیوعی دایەوە، مەرجی دانا بۆ دروستکردنی بەرەیەك لە نێوانیاندا، لەوانە مەرجی هەڵسەنگاندنی حیزبی بەعس وەك حیزبێکی شۆڕشگێرو دیموکراسی و سۆسیالیستی، هەروها دانانان بە رۆڵی سەرکردایەتی حیزبی بەعس، هەروەها مەرجی نەبەستنی پێوەندیي لایەنەکانی بەرە لەگەڵ هیچ لایەنێکی تر کە حیزبی بەعس رازی نەبێت لەسەری بەتایبەتی باڵی چەپی حیزبی بەعس، ئەوەش تا ئاستی هەرێمایەتیی بکرێتەوە لە وڵاتانی عەرەبی، هەروەها کارکردن لەنێو سوپا تەنها بۆ حیزبی بەعسە و لە دوای ئەویشەوە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانە، نابێت حیزبەکانی دیکە لەناو سوپادا کار بکەن (طريق الشعب، العدد 6، أواسط تموز1970). نوێنەری حیزبی شیوعی لەناوڕۆکی وتارەکەیدا لە کۆنگرەکەدا بەتوندی سەرکۆنەی ئەو سیاسەتانەی کرد کە دژ بە حیزبی شیوعی و حیزبەکانی دیکە ئەنجام دەدرێت و رێگری لەکارەکانیان دەکرێت. لەهەمان کاتیشدا داوای پێکهێنانی بەرەیان کرد بەپێی پرەنسیپی یەکسانی لەدەستکەوتەکان. رۆژنامەی (التأخي) کوردیش چەند بڕگەیەکی لەو و تارە بڵاوکردەوەو تەواوی و تارەکەش بەشێوەیەکی بەرفراوان لەشەقامەکانی بەغداو شارەکانی دیکە بڵاوکرایەوە (سباهي، 2006، ص100؛ بطاطو، 1999، ص417؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: التآخي، ع (478)، 1970/7/4).

شایانی باسە، خوێندنەوەی ئەو وتارە رەخنە ئامێزە، نوێنەری ئامادەبووی بەعسییەکانی لە کۆنگرەی پارتی دا هێندە دڵگران کرد کە هەوڵی چوونە دەرەوە بدات لە هۆڵەکەداو ناڕەزایي بەرانبەر بە سەرکردایەتی پارتی نیشان بدات سەبارەت بە رێگەدان بۆ خوێندنەوەی وتارەکەی حیزبی شیوعی عێراق (عەبدوڵلا، 2008،ل128).

سەرەڕای دڵگرانبوونی نوێنەرەکەی حیزبی بەعس، بەڵام بارزانی نەیهێشت هۆڵی کۆنگرەکە جێبهێڵێت و گوتی: ئێوە مافتان هەیە ناڕەزایي بەرانبەر ئێمە نیشان بدەن، لەبەرئەوەی کۆنگرەی خۆمانە، میوانەکانیشمان سەربەستن لە دەربڕینی بیروڕایان لە رێگەی خوێندنەوەی وتارەکانیان. لەو سەدەمەدا حیزبی شیوعی عێراق بنکەی سەربازی لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا هەبوو، لەچوارچێوەی لەشکری کوردستان و بەبڕیاری بارزانی دەجوڵانەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم ئەحمەد، هەولێر، 2020/7/23).

هەڵبەتە هەڵوێستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە رێگەپێدانی شاندی پارتە سیاسیەکان و بەتایبەتی حیزبی شیوعی عێراق لە ئازادی رادەربڕین و خوێندنەوەی وتارە رەخنە ئامێزەکەیان بەرانبەر دەسەڵاتدارانی بەعس، لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە دەیویست شیوعییەکان وەکو کارتێکی گوشار بەرانبەر رژێمی بەعس بەکاربهێنێ و ئەوەش لە شیوعیەکان و سۆڤیەت بگەیەنێت کە بە رێککەوتنیان لەگەڵ بەعس، دۆستایەتی حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان فەرامۆش ناکات.

دوای تێپەڕبوونی 25ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەمی، لە مانگەکانی ئاب و ئەیلوولی 1970 دا، حیزبی شیوعی عێراق کۆنگرەی دووەمی لەسەر چیای کاروخ لە ناوچەی رەواندوز بە بەشداری 102 نوێنەر گرێدا. پێش ئەوەش کۆنفرانسی کۆمیتەی پارێزگاکانی کوردستان کردبوو، کۆنگرەکە کە بەناوی (هندرێن)ەوە ناونرا 8 رۆژی خایاندو لە ژێر پاسەوانی پێشمەرگە شیوعییەکان پارێزراوبوو، عەزیز محەمەد سکرتێری حیزب راپۆرتێکی تیایدا خستەڕوو کە تیشکی خستە سەر بواری سیاسی و رەخنەی لە دەسەڵاتدارانی عێراق و کودەتاچییەکان و بەردەوامی شەڕەکان گرت. ،هەروەها پێشوازی لە رێککەوتنامەی 11ی ئادار کرد. لە هەمان کاتدا هۆشداری دا سەبارەت بە هەبوونی هەندێك کەس لەسەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد، کە دەیانەوێت هاوکاری نێوان حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان ئاڵۆز بکەن (سباهي، 2006، ص105-106).

ئەم کۆنگرەیە هەرچەندە لە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسترا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بانگهێشتی نوێنەرانی پارتییان نەکردبوو، بۆ ئامادەبوون لە رۆژی کردنەوەی کۆنگرەکەدا، بیانووی ئەو بانگهێشت نەکردنەش بەلای شیوعییەکانەوە ئەوەبوو کە ئەوان بارودۆخی پارتییان لەبەرچاو گرتووەو نەیانویستووە پێوەندی نێوان پارتی و حیزبی بەعس ئاڵۆزی تێبکەوێت، لەبەرئەوەی بەعسییەکان ئەو کاتە دژایەتی حیزبی شیوعی عێراقیان دەکرد (عەبدوڵلا، 2008، ل129).

پێوەندیي نێوان پارتی و حیزبی شیوعی بەشێوەیەکی گشتی پەیوندییەکی دۆستانەبووە، بەڵام هەندێك کات تاڕادەیەک ئاڵۆزبووە، لە هەموو سەردەمەکاندا ژمارەیەکی بەرچاوی سەرکردایەتی پارتی بەڕێزەوە هەڵوێستی حیزبی شیوعییان دەربارەی پرسی کورد دەنرخاند، هەروەها عەزیز محەمەدیش هەموو جارێك دەیگوت: "دەبێت بارزانی وەکو خۆی هەڵبسەنگێنین، نەك وەك ئەوەی ئێمە دەمانەوێت"، لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵۆزی لە نێوان هەردوو حیزبدا هەبووە، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە هەردوو لایەن خاوەنی ئایدیاو تێڕوانینی جیا بوون بۆ چارەسەرکردنی پرسەکان (سباهي، 2006، ص104)..

**دەرئەنجام**

1- حیزبی شیوعی عێراق باوەڕی تەواوی بە مافەکانی گەلی کورد هەبوو، بۆیە لە ماوەی شۆڕشی ئەیلولدا بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی (1963-1970) بە بەردەوامی داوای چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد و مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان دەکرد.

م- لە سەرەتای دەستپێکردنی گفتوگۆکانی رێککەوتنامەی 11ی ئادار، حیزبی شیوعی عێراق رۆڵێکی دیارو کاریگەری هەبووە،بە بەردەوامی هەوڵی نزیککردنەوەی حکومەت و سەرکردایەتی سیاسی کوردیان داوە.

3- هەنگاوەکانی سۆڤیەت بەردەوام بوو بۆ چارەسەری پرسی کورد لە عێراقدا، کە هۆکاری سەرەکی بۆ زیاتر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەمریکا بوو لە ناوچەکەدا.

4- هەرچەندە گفتوگۆکان بە تەنها لە نێوان سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی بەعسدا بوو، بەڵام پارتی هەوڵیدا هێزو لایەنە سیاسیەکانی دیکەش، بەتایبەتی حیزبی شیوعی عێراق بەشدارین، بەڵام بەعسییەکان بەوە رازی نەبوون، بەڵام لایەنی کوردی پرس و راوێژی بە حیزبی شیوعی عێراق دەکرد.

5- حیزبی شیوعی عێراق پێشوازی لە راگەیاندنی ڕێککەوتنامەی 11ی ئاداری 1970 کردووە، ڕێککەوتننەکەی بە هەنگاوێکی نوێی سیاسی لە هەنگاوەکانی عێراق و گەلی کورد ناساندووە، کە بارودۆخ لە کوردستان دەگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی و ئەو ڕێککەوتنامەیە سنوورێك بۆ دەستێوەردانی دەرەکی دادەنێت.


**سەرچاوەکان:**

**بلآوکراوە حیزبی و حکوومییەکان:**

1- الجمهورية العراقية، القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة 1968-1977، م1979،1.

2- بيان الحزب الشيوعي العراقي، أوائل كانون الثاني 1970.

3- الحزب الشيوعي العراقي، بغداد، 22كانون الثاني 1970.

4- بيان الحزب الشيوعي العراقي، بغداد، في أواسط آزار 1970.

5- د. ك. و ، ملفات ملفات و زارة الداخلية، الملفة المرقمة 18/22، (الحركة الشيوعية في العراق).

**چاوپێکەوتن :**

1- چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم ئەحمەد، هەولێر، 2020/7/23.

2- چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمان، هەولێر، 2022/1/3.

3- چاوپێکەوتن لەگەڵ ملازم خدر، هەولێر، 2022/1/17.

**بیرەوەری:**

**أ – بە زمانی کوردی:**

**١-** ئەحمەد، کەریم (2006)، ڕێڕەوی تێکۆشان، و :جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.

٢- دزەیی، موحسین (2009) ، و ێستگەکانی ژیانم، و :ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

**٣-** مەلا مستەفا، فاروق (2017) ، بیرەوەرییەکانم، بەرگی یەکەم، لوبنان.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

1- عارف، فوئاد (2009)، مذكرات فوئاد عارف،تقديم و تعليق: د.كمال مظهر, من منشورات ئاراس، طبعة أولى.

2- نوري، بهاءالدين (1995)، مذكرات، ط2.

**کتێب:**

**أ- بەزمانی کوردی:**

١-ئەمین، نەوشیروان مستەفا (1997)، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983.

٢-بارزانی، مەسعود (2004) ، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد(1961-1975)، ب3، بەشی یەکەم، هەولێر.

٣-چالیاند، ژێرار (1998)و ئەوانی تر، گەلێکی پەژمووەدەو، نیشتمانێکی پەرت، و : م.گۆمەیی، سوید.

٤- ڕەندل جاناتان، بەم هەموو تاوانەوە لێبووردنی چی؟، و :سەلاحەدین ئاشتی، چ1، سلێمانی.

٥- عەبدوڵلا، فەرەیدوون عەبدولڕەحیم (2008)، بارودۆخی سیاسیی کوردستان-عێراق 11ی مارتی 1970- 11ی مارتی 1974، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٦- عومەر، سەرەوەر عەبدولڕەحمان (2019)، حیزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد (1934-1975)، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٧-کۆچیرا، کریس (2003)، کورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، و :حەمە کەریم عارف، چ3، هەولێر.

ب- نەبەز، جەمال (نەبەز)، کوردستان و شۆڕشەکەی، چ3، چاپخانەی منارە، هەولێر، نەبەز.

**ت- بەزمانی عەرەبی:**

1- التكريتي، حردان(1990)، كنا عصابة من اللصوص و القتلة خلف ميليشيات صدام للاعدام، دراسة: أحمد رائف، الزهراء للأعلام العربي، القاهرة.

2- توما، حبيب (2012)، البارزاني مصطفى قائد من هذا العصر، دار اراس، أربيل.

3- الخرسان، صلاح (1993)، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، دار الفرات، بيروت.

4- الخرسان، صلاح (2001)، التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة في ملفات الحركات و الاحزاب الكردية في العراق 1946-2001، ط1، مؤسسة البلاغ للطباعة و النشر، بيروت.

5- الزبيدي، حسن لطيف (2007)، موسوعة الأحزاب العراقية- الأحزاب و الجمعيات و الحركات و الشخصيات السياسية و القومية و الدينية في العراق، مؤسسة العارف للمطبوعات، بيروت.

6- سباهي، عزيز (2006)، عقود من تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، ج3، دار الرواد، بغداد.

7- سلوجلت، ماريون و بيتر(1992)، العراق الحديث من الثورة الى الدكتاتورية، ت:مركز الدراسات و الترجمة(الزهراء للاء علام العربي) الزهراء للاء علام العربي قسم النشر، القاهرة.

8- الطالباني، مكرم، (2009)، مراحل تطور الحركة الكردية، مجلدان، مؤسسة حمدي للطباعة و النشر، السليمانية.

9- عقراوي، شكيب (2007)،سنوات المحنة في كردستان (أهم الحوادث السياسية و العسكرية في كردستان العراق) من 1958-1980، مطبعة مناره، الطبعة الثانية، أربيل.

10-العلوائي، جاسم(2006)، الحقيقة كما عشتها، بغداد.

11-عيسى، حامد محمود (2005)، القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الأمريكي 1914-2004، الدار العربية للطباعة و النشر، القاهرة.
12-القيسي، سيف عدنان (2014)، الحزب الشيوعي العراقي في عهد البكر 1968-1979، دار الحكمة-لندن.
13-كوچى، خالد خالد (1990)، السياسة السوفيتية تجاه القضية الكردية في الميزان، ط1، ستوكهولم.
14-مار، فيبي (2009)، تاريخ العراق المعاصر العقد الجمهوري الأول، ج1، ت:مصطفى نعمان احمد، مؤسسة مصرتضي للكتاب العراقي، القاهرة.

**رۆژنامە:**

1- التآخي، العدد(478)، 1970/7/4.
2- طريق الشعب(السرية)، العدد(1)، السنة(27)، أواخر كانون الثاني1969.
3- طريق الشعب (السرية)، العدد(3)، أواخر آذار 1970.
4- طريق الشعب (السرية)، العدد(4)، السنة(27)، أواخر نيسان 1970.
5- طريق الشعب (السرية)، العدد(3)، السنة(27)، أواخر آذار 1970.
6- طريق الشعب (السرية)، العدد(6)، أواسط تموز 1970.
7- "الوقائع العراقية" العدد(1807)، 1969/12/2.